


# تیڕامان

چی لەبێ دەنگی باشترە
بۆ ئەوەی ئەوین لەڕووی بێ
سەردانی ماڵی تەنهایی پاسارییەکانی بنار بکات!

سەرت بەرزبکەرەوە هێندە ماندووی
حەوسەڵەی تابلۆ کێشانت نەماوە!
وەك مامزێکی دەشتەکی ڕێنادەی
فرمێسك چاوانت جێبێڵێ و
وەك هەورێکی پڕ باران دەگریەی!
تریشقەی چاوانت لەشەوا
تروسکەی ڕوناکی زەمەنی تاریکین

چی لەبێدەنگی باشترە
کە ئەوین ڕووی نەیەت خۆی دەرخاو
کەعەشق لەتولەڕێکانی زەمەنا شەهید بێ!!

هەڵمبگرە بۆ ئەوێ...ئەوێیەك
دوور لەڤیلاکانی تورەی و
دوور لە تونێلەکانی وون بوون
دوور لەکیژانی دڵپڕلەهیوای ترسنۆك
دوور لەکوڕانی تاسەر ئێسك بەزیوو لە هیوا
بمبە بۆ ئەوێ برادەر
زەمەن هێندەی نەماوە ئاوابێ
لە فارغۆنەکانی ناوەڕاستی زەمەنا
قاوەیەکم بۆ بگرەوە هاوڕێ

چەند چرکەیەك پێش ئێستا

بەزەردەخەنەیەکەوە ماندوو بووم
سبەی نازانم چڵی ئەم تەمەنە هەرزەیە
لە پاڵتۆی چ جەلادێ دەگیرێ و دەقرتێ!!!
سبەی نازانم ماسی ئەم ڕوبارە وەستاوە
چەند ماسی گر تۆڕی خۆیانی تیا هەڵدەدەن!

دەستم بگرە هاوڕێ
بۆ ئەوەی لەو لیژیە دەربازبم
پێویستم بە سەرکەوتن هەیە....

چی لەبێدەنگی باشترە
کەئەوین پێنەگرێ و
کەعەشق بۆ جارێ نەرمە پێ
لەبەردەم قەشەنگی شیعرێکا
دەست نەکا بەسەماو هەڵپەڕکێ.!

* * *